ڕێگری لە ئافرەتان مەکەن لە چوون بۆ مزگەوتەکانی خودا، بەڵام با بە بێ بۆن لەخۆدان وبە بێ خۆ ڕازاندنەوە بچنە دەرەوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ڕێگری لە ئافرەتان مەکەن لە چوون بۆ مزگەوتەکانی خودا، بەڵام با بە بێ بۆن لەخۆدان وبە بێ خۆ ڕازاندنەوە بچنە دەرەوە».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی کردووە لەوەی سەرپەرشتیار و بەرپرسی ئافرەت؛ ڕێگری لە ئافرەت بکات لە چوون بۆ مزگەوت، و فەرمانی بە ئافرەتان کردووە کاتێک کە دەچنە دەرەوە؛ خۆیان بۆن خۆش نەکەن و خۆیان نەڕازێننەوە بە جوانکاریەکان، بۆ ئەوەی نەبنە هۆکاری فیتنە و بەلاڕێدابردنی پیاوان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65416